**قوتابی خۆشەویست ئەمەی لای خوارەوە بانکی پرسیارەکانە، کە ئێمە ڕۆژانە لەکاتی گوتنەوەی وانەکانمان ئاراستەی ئێوەی دەکەن، لەگەڵ شێوازی ئەو پرسیارانەی کە لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا لەزۆر کات و ساڵی جیاوازدا دێتەوە.**

**بەشی یەکەم/ پێناسەکان: یەکێک لەو پارسیارانەی کە هەمیشە لەهەر تاقیکردنەوەیەکدا ئاراستەی ئێوەی قوتابی دەکرێت، پێانسەیە، واتە ناساندنی ئەو پرسیارەی کە مامۆستا ئاراستەتان دەکات، بۆیە پێویستە وەڵامی پێانسەکە لەوچوارچێەوەیەدابێت کە مامۆستا کردوویەتی هەروەها پوخت و گەیەنەر بێت.**

**بۆ نمونە ١٠ پرسیار لەشێوەی پێناسە:**

١- کوردناسی.

٢- بنەچەی کورد لەدیدی مێژوونوس تەبەری.

٣- شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان لەدیدی تۆماس تۆمابوا.

٤- خولیای هونەرو ڕۆمانسیەت.

٥- مەلا مەحمود بایەزیدی.

٦- ئەبو حەنیفەی دەینەوەری.

٧- گەشتنامە.

٨- مارکۆپۆلۆ.

٩- زمانی کوردی لەدیدی قەشە گارزونی.

١٠- رەچەلەک و بنەچەی کورد لەدیدی مەسعودی.

**بەشی دووەم: هۆکارەکان – یەکێک لەگرنگترین ئەو پرسیارانەی کە هەمیشە لەوانەکەماندا ئاراستەی ئێوەی قوتابی دەکرێت، هۆکارەکانن، ئەم پرسیارە کاریگەری لەسەر کرانەوەی مێشکی قوتابی دەبێت لەسەر ئەوەی زیاتر بیر بکاتەوە. تیشک خستبە سەر هۆکارەکانیش پێویستە لەچوارچێوەی ئەو بابەتەدا بێت کەمامۆستا لێتانی داوا دەکات، هۆکار هەمیشە پێویستە کورت و زانیاری گەیەنەربێت.**

**نمونەی ١٠ پرسیار لەشێوەی هۆکار:**

١١–فارس بوونی کورد لە کەلتوری فارسیدا گرنگی زۆری پێدراوە لەکاتی ململانێیان لەگەڵا عەرەبەکاندا؟

١٢–درایڤەر دەڵێ مارک سایکسی ئینگلیزی هەوڵیداوە کوردەکان لە ئیحسان عەلی پاشا دوور بخاتەوە؟

١٣–مێژوونوسی ئێرانی رەشید یاسەمی پێی وایە لە کۆنەوە تا ئیستا ناوی کورد بەمانای ڕەگەزێکی تایبەت نەبووە لەلای ئێرانییەکانەوە؟

١٤–هەندێک مێژوو نوسی عەرەبی وەکوو (موقریزی و مەسعودی) ڕەچەڵەکی کوردیان گەراندۆتەوە بۆ جنۆکە؟

١٥–کوردناسی ڕوسی مینۆرسکی پێی وایە زمانی کوردی بەشێکە لەزمانە ئیرانیەکان بەڵام لەهەمان کاتدا پێ وایە بەشێک نیە لەزمانی فارسی؟

١٦–گەڕیدەکان لەکاتی گەشتەکانیاندا ناوو جل و بەرگی خۆیان گۆڕیوەو خۆیان وەکوو خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری ئەو شوێنانە نیشانداوە کە سەردانیان کردووە؟

١٧-گەشتی پیترۆ دیلاڤالێ بۆ کوردستان و ئێران؟

١٨-مێژوونوس تەبەری ناوی کوردی بە ئەعرابی فارس هێناوە ؟

١٩-هۆکاری گەراندنەوەی ڕەگەزی کورد بۆ سەر عەرەب چییە؟

٢٠-کۆنترین ئاماژە بۆ سەرهەڵدانی ئەفسانەی زوحاک دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟

**بەشی سێیەم: بۆشایی – یەکێک لەو شێوازی پرسیارانەی کە گرنگە بۆ قوتابیان بەگشتی بۆشایی، تیایدا پرسیارەکە دەخرێتەڕوو لەشوێنێکدا زانیارییەکی گرنگ مامۆستا لایدەبات بۆ ئەوەی ئاستی خوێندن و تێگەیشتنی قوتابی لەبابەتەکە ڕوون ببێتەوە.**

**نمونەی ١٠ پرسیار لەشێوازی بۆشایی.**

٢١-کوردناسی ڕوسی مینۆرسکی لەساڵی ------- کتێبێکی لەبارەی کورد بەناوی -------- نوسیوەو لەشاری -------- لەچاپ دراوە؟

٢٢-حەمزەی ئەسفەهانی لە کتێبی --------، دەڵێ بە دەیلەمیەکانیان دەگووت --------- و بە عەرەبیشیان دەگووت ----------؟

٢٣-عبداللە جەودەت یەکەم کوردە لەساڵی -------- وشەی کوردناسی بەشێوەی --------- بەکارهێناوە لە گۆڤاری ----------؟

٢٤-مێژوو نوس هیرۆدۆتس لەسەدەی ---------- دا ---------- و ----------- بەیەک نەتەوە داناوە؟

٢٥-زینەفۆن لە کتابەکەی بەناوی ----------، ناوی کوردی بە ---------- و ------------- هێناوە؟

٢٦-مارکۆ پۆلۆ ٧٠٠ ساڵا لەمەوبەر ناوی کوردستان و --------- و ------------ و ------------- و پاشماوەی کەشتی نوحی هێناوە؟

٢٧-گەڕیدە فەرەنسی -------- لەسەدەی ١٧ نزیکەی ------- لاپەرەی لەکتێبەکەیدا بۆ باسی میرنشینی-------- تەرخان کردووە؟

٢٨-کامران بەدرخان لەساڵی ------- لە گۆڤاری ------- بە زمانی -------- لەبارەی سەرهەڵدانی وشەی کوردناسی کۆڵیوەتەوە؟

٢٩-ڕوسیا لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ چوار ناوەندی بۆ کوردناسی دامەزراند کەبریتی بوو لەمۆسکۆو ------ و ------ و -----؟

٣٠-گەڕیدەی بەریتانی کلۆدیۆس ڕیچ لەڕێکەوتی -------- دەگاتە شاری سلێمانی لەلایەن --------- میری بابان پێشوازی لێدەکرێت و پاشان سەردانی میرنشینی ئەردەلان دەکات و لە کۆشکی -------- پێشوازی لێدەکرێت؟

**بەشی چوارەم: پرسیارە هەمە جۆرەکان وەک (گرنگی ئەو بابەتە بەخاڵ بژمێرە – گرنگی ئەو بابەتە بخەڕوو – باسی ئەو بابەتە بکە – جیاوازی نێوان .... و .... دیاری بکە). پرسیارە هەمەچەشنەکان بەشێکن لەپرسیارە هەرە گرنگەکان، کەتیایدا ئاستی زانستی هەوڵ و ماندووبوونی قوتابیان دیاری دەکات. بۆیە پێویستە قوتابی بەوردی ئەو پرسیارەی کە مامۆستا داوای لێدەکات بیخاتەڕوو.**

**نمونەی چەند نمونەیەک لەپرسیارە هەمەجۆرەکان:**

٣١- گرنگیەکانی گەشتی گەریدەی ئەڵمانی کارستن نیپۆر بۆ کوردستان چییە بیانژمێرە؟

**٣٢- جیاوازی نێوان کورد ناسی و مێژوو نوسی لەبارەی کوردیان نوسیوە چیە؟**

٣٣- سەرهەڵدانی وشەی کوردناسی بەگوێرەی سەردەمەکانیان بخەڕوو؟

٣٤- مارتن هارتمان چۆن ستایشی کوردی کردووە ؟

٣٥- ژمارەیەک سەرچاوەی گرنگ لەبارەی کوردناسی کە لەچوارچێوەی بابەتەکەماندا خوێندوومانە دیاری بکە؟

٣٦-گەڕیدەی هۆڵەندی لیۆنهارت ڕاوولف چۆن باسی شاری کەرکوک و هەولێری کردووە؟ باسی بکە.

٣٧- هۆکاری ئایینی بەیەکێک لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی کوردناسی دادەنرێت بۆچی؟ باسی بکە.

٣٨-بنەچەی کورد لەڕووی ئایینیەوە لەدیدی مێژوونوسانی ئیسلامی بخەڕوو؟

٣٩- هەندێک ئاکامە رۆشنبیریەکانی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکان چی بوو؟ بیانژمێرە.

٤٠- باسی ڕەچەلەکی کورد بکە لەسەرچاوە فارسییەکاندا

## وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان:

### وەڵامی پێناسەکان:

**کوردناسی:** هەموو ئەو نووسین و لێکۆڵینەوە مێژوویی و گەشتنامەوسەفەرنامانەی کە توێژەرە ڕۆژئاواییەکان و ئەوانیتر لەسەر کورد و کوردستان نووسیویانە دەگرێتەوە , لە گشت بوارەکانی (سیاسی, ئابوری, کۆمەڵایەتی، ئایینی, ئیتنی - نەژادی، زمان، کەلتور- کەلەپور...هتد).

**١- تۆماس تۆمابوا:- باسی شوێنەوارە دێرینەکان وەکو ئەشکەوتی بەردپلکەو هەزار مێرد نزیك سلیمانی ئەوە دەسەلمینی پێش هەزاران ساڵا لەمەوبەر مرۆڤی تێدا ژیاوەو ئاوەدان بووەو خواردەمەنی ئادەمیزای لێ دۆزراوەتە هەوەها ئەشکەوتی شانەدەر ئێسکی مرۆڤی لی دۆزراوەتەوە، چەرمۆ دێیکە لە دۆلی چەمچەمال کۆنترین لادێ لە ڕۆژهەلاتی ناوین یەکەم مەلبەند ئادەمیزاد گەنمی لی چاندووە.**

**٣.تەبەری مێژوونووس و ناوی کوردی بە ئەعرابی فارس هێناوە، لەبارەی چۆنیەتی سوتاندنی ابراهیم پیغەمبەر لەزاری عەبدولای کوری عومەر ٧٤ك ٦٩٣ز، دەڵێت یەکێك لە ئەعرابەکانی فارس پێیانی گووت کەوا چۆن بی سوتێنن، لێیان پرسی ئایا فارسیش ئەعرابی هەیە؟ گوتی بەڵی کورد اعرابی فارسن.**

- **سەبارەت بەشێوازی سوتانی ئیبراهیم، دوای ئەوەی دارێکی زۆریان کۆکردبۆوە، بەڵام نەیاندزانی چۆن ئیبراهیم ببەنە سەر لوتکە دارەکان و دواتر بیسوتێنن، کوردێک بەوێدا تێپەڕدەبێت و دەڵێت کێشەتان چییە... پاشان پێیان دەڵێت مەنجەنیقێک بێنن و ئبراهیم بخەنە ناوی و فڕێیدەنە ناو ئاگرەکە.**

**٢- خولیای هونەرو ڕۆمانسیەت:- چینێك دەرکەوت کە دوور بوون لەو بەرژەوەندییانە، وەکو شاعیرو نووسەر و هونەرمەند ئەوانە شەیدای بینینی ڕۆژهەڵات بوون، بە بەهەشتیان دەزانی و باوەڕیان وابوو کەوا مرۆڤایەتیو ڕەوشت لە ڕۆژهەلات بەهای زیاتری هەیە سیستەمی ژیان لەلای ئەوان ڕووخاوە یاخود بەرەو ڕووخان دەروات بەڵام لە ڕۆژهەلات بە پێچەوانەیە.**

**٣- مەلا محمود بایەزیدی١٧٩٩-١٨٦٠:- لە کۆتایی سەدەی هەژدە لە شاری با یەزید لە دایك بوە لە خویندنی سەرەتای تەواوکردوە چوەتە تەورێزو شارەزایی باشی لە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی و مێژوو ئەدەبو فەلسەفە پەیدا کردوە دوای چوەتە ئەرزروم و یارمەتی زۆری ژابای داوە لە کۆکردنەوەی دەسنوسی کوردی و خستنە ژێر دەستی زانیاری لەبارە زمان و کەلتور و داب و نەریتی کوردان.**

**٤- ابوحەنیفەی دینەوەری :- باسی ساسان دەکات کە لە داخی کەمتر خەمی باوکی کۆمەلێك مەری بردوو چوە چیا بۆ لای کوردەکان و لە شارستانیەت دورکەوتەوە. بەو پێیە ئەوە بە نەنگیەك بۆ نەوەکانی ساسان لیك درایتەوە بۆیەش بە ساسان گوتراوە ساسانی شوان یا ساسانی کوردی.**

**١- بریتیە لە گەشتی گەڕیدەو گەشتیارێك لە شوێنێکەوە بۆ شوینیکی تر، بەجۆرێك گەشتیارەکە ڕوداوە گرنگەکانی گەشتەکەی خۆی لەسەرەتاوە تا کۆتایی تۆمارکردووەو باسی هەموو لایەنەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیا, مێژوو, ئایین و کەلتورو داب و نەریتی ئەو گەلانە دەکات کە سەردانی ناوچەکانیانی کردووە.**

**٢- مارکۆپۆلۆ:- یەکەم گەڕیدەو جوگرافیناسی ناوداری جیهانی و ئیتالیە ناوبراو لە بنەماڵەیەکی بازرگان لە شاری ڤێنزی باشوری ایتالیا لە دایك بووە، کوردستان دووەمین شوێنە لە ئیران سەردانی کردووە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە زیاتر لە ٧٠٠سال پێش ئێستا بە ناو خاکی کوردان تێپەڕیوەو ناوی کوردستان ولۆرستانو میرنشنی شوانکارەی کوردی هێناوەو هەروەها باسی چیای ئارارات و پاشماوەی کەشتی نوحی کردووە.**

**٣- بنچینەی زمانی کوردی فارسییە، بە تێپەڕبوونی کات و وەرگرتنی هەندێك زاراوە لەزمانی عەرەبی و سریانی شێوەزاراوەیەکی سەربەخۆی وەرگرتووە کە بە کوردی ناسراوە. باس لە قورسی زمانی کوردی دەکات کە ڕۆژئاواییەکان هەرگیز ناتوانن بە باشی فێری بن. هەروەها دەڵێت: زمانی کوردی زیاتر زمانی گفتو گۆ کردنە، نەوەکو زمانی نوسین، بەڵکو کوردەکان لە نووسیندا زمان و ڕێنوسی فارسی بەکاردێنن.**

**٤- دەڵێت: هەندیك وای دادەنین کە کوردەکان لە نەوەی ڕەبیعەی کوری نزار کوری معدی کوری عدنان کوری بەکری وائلن لە ڕۆژگاری کۆندا بە هۆی چەندان ڕوداووە لە یەکتر دورکەوتونەتەوە چون بۆ ناوچەی چیاکان لەوێ لەگەڵ خەلکانی وەکو تورك و فارس کە لە شارو دیهاتەکان دەژیان بونەتە دراوسێ و زمانی پێشوی خۆیان لەبیر چۆتەوەو فیری وشەو زمانێکی ناوچەییان پێك هێناوە. هەندیك لەوان خۆیان بە نەوەی مچری "موزەر"ی کوری نزار دادەنێن. پێی وایە نەوەی کوردی کوری مەردی صعصەعەی کوری هەوازنن لە زێدی خۆیان کە نازانرێ کوێ بووە بە هۆی شەرو ململانێیان لەگەڵ غەسانیەکان دوورکەوتونەتەوەو کۆچیان کردووە.**

### وەڵامی بۆشاییەکان

**١- چونکە هەر دوولا دەیانویست گەورەیی و شکۆمەندی خۆیان لەناو مێژوودا بەرامبە بە یەکتر دەربخەن، ڕەچەڵەکی کوردیش یەکێك بوو لەو بابەتانەی ململانێی لەسەر کراوە.**

**٢- ، چونکە نەیانویستوە کوردەکان لە روسەکان نزیك بکەونەوە بۆیە باسی تالان کردنی لە شکری روس لە کوردستان دەکات بە تایبەت لە زستانی ١٩١٥-١٩١٦ز.**

**٣- زیاتر مەبەستیان لەخەڵکانی کوچەرو پیاوی ئازاو دلێرو شەڕکەر و بە ئەمەکیان بووە". دەڵێن پاشاکانی ئێران زۆرجار گەنجەکانیان دەنارده لای کوردەکان تاکو فێری ژیانی سەختو ناهەمواری شەڕکردن و سوارچاکی ببن.**

**٤- پێیان وابووە کورد دەگەڕێنەوە سەر ئەو کەنیزانەی سلیمان پێغەمبەر کە شەیتان بە نەهێنی دەست درێژی بۆ کردن‌و مندالیان بوو  سولەیمان پێ گوتوون [اکردوهن] دەریان بکەن بۆ چیاو دۆڵان، لەوێ مندالەکانیان بەخێو کردووەو بەو شێوە رەسەنی کورد دەستی پێکرد.**

**٥- زمانێکی بە تەواوی جیاوازو سەربەخۆیە و خاونی ڕێزمان، دەنگ سازی ((Phoneticی تایبەتە و پەیوەندی لەگەڵ زمانی فارسیدا، وەکو پیوەندی زمانی رووسی لەگەڵ زمانی سڕبی و یان زمانی لاتینی سویسییەکانی کوێستان نشین لەگەڵ زمانی ئیتالییایی دایە.**

١- بۆ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتداران و خەڵکی ناوچەکانیشەوە نەناسرێنەوەو هێرشیان نەکرێتە سەرو سزایان نەدرێت و تاڵان نەکرێن، بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەو زانیاریانەی دەیانەوێت لەخەڵکانی ناوچەکەی وەربگرن، بۆیە ناوێکی باوی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتیان لەخۆ ناوەو بەرگی ئاسایی ئەوانیان لەبەردەکەن.

٢- أ- بۆ بەشداریکردن لەشەڕێك دژی عوسمانیەکان لەپاڵ سەفەوییەکاندا، بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی ئەو مەسیحیانەی کە بەدەستی عوسمانیەکان کوژراون.

ب- بۆ هاندانی ئەو مەسیحیانەی کە لەدەوڵەتی عوسمانی نیشتەجێ بوون کۆچ بکەن  بۆ دەوڵەتی سەفەوی و لەوێ نیشتەجێ بن.

٣- تەبەری مێژوونووس و ناوی کوردی بە ئەعرابی فارس هێناوە، لەبارەی چۆنێتی سوتاندنی ابراهیم پیغەمبەر لە زاری عەبدولای کوری عومەر ٧٤ك ٦٩٣ز، دەڵێت یەکێك لە ئەعرابەکانی فارس پێیانی گووت چۆن بی سوتێنن، لێیان پرسی ئایا فارسیش ئەعرابی هەیە؟ گوتی بەڵی کورد اعرابی فارسن.

٤- ڕایەك هەیە پێی وایە سوربونی برێك لە مێژوونووسانی عەرەبی سەردەمی ئیسلامی لە سەر ئەوەی کورد بگەڕیننەوە، بۆ عەرەب بەرژەوەندی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی لە پشتەوەیە بۆ ڕاکێشانی کورد بەلای خۆیانداو نیشاندانی ئینتماولاگیریان بۆ عەرەب کە لە چوار چێوەی هەولەکانی ئەوانە بۆ لە خۆگرتنی نەتەوەکانی ولاتییان داگیرکردوون‌و دەسەلاتیان بە سەردا سەپاندوون.

٥- بەپێی ئەو زانیارانەی لەبەر دەستدایە، ڕەنگە کۆنترین ئاماژە بۆ ئەو بەسەر هاتە ئەفسانەییە لە سەر چاوەی مێژووییەکاندا بگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی زاینی، بەجۆرێك لە سەدەی پێنجەمی زاینییەوە بەسەر هاتی زوحاك ( ئەژدیهاك ) وەکوو بەسەر هاتێکی ئەفسانەیی و دوور لە ڕاستی و مێژوویی ناسراوە.

**وەڵامی بۆشاییەکان**

**١- ساڵی ١٩١٥، کوردەکان، سانت پترۆسبۆرگ.**

**٢- لەکتێبی سنی ملوك الارچ و الانبیاو ، کوردەکانی تەبەرستان ، کوردەکانی سورستان.**

**٣- ساڵی ١٩١٥ ، کوردۆلۆژی – کوردۆلوجی ، ڕۆژی کورد.**

**٤- سەدەی ٥پ.ز ، ماد (کورد) ، ئەخمینی (فارس).**

**٥- لە ١٢ ئایاری ١٨٢٠ گەیشتە شاری سلێمانی ، محمود پاشای بابان ، میرزا فەتحوڵا خان.**

**١- اناباسیس، کاردۆخی، قردۆ.**

**٢- لوڕستان، میرنشنی شوانکارە، چیای ئارارات.**

**٣- تاڤێرنێ، ٨٠ لاپەرە، میرنشینی بدلیس.**

**٤- ساڵی ١٩١٨، اجتهاد، عوسمانلی.**

**٥- لینینگراد، یەریڤان، باکۆ.**

**وەڵامی پرسیارە هەمەجۆرەکان**

**بە وردی وەسفی ئەو شارو شوێن‌و ناوچانەی کردووە کە پێدا تێپەریوەو وەسفی ژیانی رۆژانەو گوزەرانی خەلکی ناوچەکان کردووە.**

**سەردانی دەسەڵاتداو کاربەدەستانی ناوچە جیاوازەکانی کردووەو لەلایەن ئەوانەوە پێشوازی لێکراوە زانیاری گرنگی لەبارەی شێوازی حوکمڕانیان تۆمارکردووە.**

**باسی ستەمکاری کاربەستە عوسمانیەکان و کوشتنی هەزاران کوردی بێ تاوانی کردووەو لەلایەن والیەکانی  بەغداو موصڵ و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، دەڵێت "پاشاکانی تورك تەنیا ئامانجیان کۆکردنەوەی سامان و تالانکردنی ولایەتەکانی بن دەستیان بوو". جگە لە توندو تیژی میرو سەرۆك هۆزەکانی کورد بەرامبەر بە هاوڵاتیانی خۆیان.**

**باسی برسێتی و هەژاری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کردووە کە بەهۆی وشکە ساڵی و شەڕەکانەوە دوچاری دەبن کە چۆن خەڵکی ناچار دەبن منداڵەکانیان بفرۆشن تا بژێوی ژیانبان دابن بکەن.**

**لە روی زانستیەوە یەکەمین کەسە توانی زانیاری باش لەسەر خەتی بزماری میزۆ پۆتامیا بنوسیتەوە کە دواتر بوە  سەرچاوەی گرنگ بۆ  زانایان لە ئەوروپا**

**لە روی جوگرافیەوە  کۆمەلێك نەخشەی گرنگی بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی پێیدا تێپەڕیوە کێشاوە، بەهۆی ئەوەی دەستێکی باڵای لەبواری وێنە کیشاندا هەبووە.**

## جیاوازی نێوان کوردناسی و مێژوونوسی

کوردناس ئەوانەن کە لەنزیکەوە سەردانی کوردستانیان کردووەو لەناو کورد دا ژیاون و زانیاریان لەبارەی زمان و کەلتورو داب و نەریت ئاین و بیرو باوەڕی کۆمەڵگای کوردی نوسیوە. بەڵام ئەوانەی لەبارەی مێژووی کوردیان نوسیوە مەرج نیە کوردستانیان بینیبێت و شارەزای داب و نەریت و زمان و ئاین و کۆمەڵگای کوردی بوو بن، بەڵکو ئەوان پشتیان بەستووە بەو زانیاریانەی کەڵەرێگەی کوردناس و وڵاتناس و گەڕیدەو نێردە سیاسی و سەربازی و ئابوری و بازرگانی وڵاتەکانیان کە سەردانی کوردو کوردستانیان کردووەو ناردوەتیانەوە بۆ وڵاتەکانیان بەستووە.

لەسەرەتا بەشێك بوو لە رۆژهەڵاتناسی دواتر وەك بەشێك لە ئێراننناسی ناسراوە لە چوار چێوەی ئێران.

لەناو کورددا د. عەبدوڵا جەودەت لەساڵی ١٩١٣, لە شێوەی کوردۆلۆژی بەکاری هێناوە لە گۆڤاری رۆژی کورد لە ئەستەمبۆل.

کامران بەدرخان لە سالی ١٩١٨لە گۆڤاری (اجتهاد) بە زمانی عوسمانلی لەو بارەی کۆلیوەتەوە، دواتر جەلادت بەدرخان وتارێکی لە گۆڤاری هاوار سالی ١٩٣٤،بە ناوی کوردو کوردستان لە چاوی بیانییەکان بلاو کردەوە.

بەڵام زاراوەی رۆژهەلاتناسی لە ناو کوردان بۆ یەکەم جار لە لایەن حوسێن حوزنی موکریانی لە سالی ١٩٤٤بە کارهات.

بۆ یەکەمجار لەوڵاتی ڕوسیا لەساڵی ١٩٥٩، وەك بەشێکی ئەکادیمیای زانستی سانت پترسبێرگ دەرکەوت. بەشی کورد ناسی تا ئێستاشی لەگەڵا دابێت هەیە.

## هارتمانو ستایش کردنی کورد

هارتمان ستایشی کوردی کردووەو وەسفی باشی داوەتە پاڵ کوردان بەتایبەتی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە.

لەسەر ئەدەبیاتی کورد بابەتی نووسیوە.

هەروەها کەلتورو داب و نەریتی کوردەکانیشی بڵاوکردوتەوە.

دۆستێکی دلسۆزی کورد بووەو خۆشەویستی خۆی بۆ کورد نەشاردۆتەوە، کە لە نووسینەکانیدا بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەو لەو بارەویە دەلێت: کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بەئاسانی کولتوری ئەوروپا وەردەگرن و لەناو ئەو نەتەوەیەدا بیری قوڵا و هەستی ناسك شاردراوەتەوە.

## راوولف

کەرکوک:- لە ٢٦ی مانگ گەیشتینە کەرکوك شارێکی تابڵێی جوان گەورەیە، بەدووری ٤ میل شارێکی ترهەبوو لەبەرازییەک بوو. بەڵام ئاماژەی بەناوی شارەکە نەکردوە.

بەبڕوای ئێمە ڕنگە مەبەستی قەڵای کەرکوک بوو‌بێت....

دوای دوو ڕۆژ مانەوەمان لەکەرکوک بەڕێکەوتین و لە ٢٩ی مانگ گەیشتینە کۆمەڵێک چادر (رەشماڵ نشین).

جلوبەرگ و زمانی تایبەتیان هەبوو، بە قەرەج دەچوون، نەمانزانی سەر بەتورکن یان پادشای فارس.

شەوێک لایان ماینەوە خەڵکانێکی هەژار بوون.

بەلام زۆر باش بوون خواردن خواردنەوەی زۆریان پێشکەش کردین،

ژنەکانیان نانیان دەکرد لەسەر بەردی گەرم.

لە ٣٠ مانگ گەیشتینە شارۆچکەکەیەک بەناوی (پەرستا)، لەسەر ڕووبارێک بوو بەتلیمۆسی جوگرافی ناس بەو ڕووبارەی دەگووت گۆرگۆس،

مەبەستی شارۆچکەی پردێ و ڕووباری پردێیە، وشەی پەرستا بەمانای پردێ (پرد) دێت لەزمانی کوردی

ڕووبارەکە ئاوەکەی زۆر خێرایە.

خەڵک بەلەمیان لەپێستی بزن دروست کردووە پێی دەپەڕنەوە.

شاری هەولێر:-

شەوی ٣١/ ١٢/ ١٥٧٤ گەیشتینە شاری هەولێر.

هەولێر شارێکی گەورەیە، خانووەکان زۆر نارێکن، شوراکانی زۆر لاوازن و بەئاسانی و بەبێ هێزێکی گەورە دەتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت. (مەبەستی قەلای هەولێر)ە.

تارۆژی دواتر کە شەممە بوو لەشارەکەماینەوە واتە تا ١/ ١/ ١٥٧٥

چەند رۆژێک بەر لەوەی بگەینە شارەکە حاکمی تورکی ٨ تاوانباری ناوچەکەی لەسێدارە دابوو کاریان رێگری کردن بوو.

**هۆکاری ئایینی**

لە راستیدا ئاین هۆکارو ئامانجی یەکەمو هەرەگرنگ لە کاری رۆژهەلاتناسیو کورد ناسی بووە، پێکهاتەی ئایینی لە کوردستاندا تایبەتو ئالۆزە پەیرەوکارانی زۆربەی ئایینەکانی رۆژهەلاتی لە خۆ دەگرێت. سەرەرای هەبوونی هەندێك بیرو باوەری ئایینی تایبەت.

کوردستان نەتەوە وگروپی ئیتنی ومەزهەبیی جیاجیای تیدایە بۆیە بە لانکی مرۆڤایەتی وئاینو ئایینزاکانی رۆژهەلات ناسراوە.

هەرچەند ئەوانە ژمارەیان بە تەواوی دیار نییە ... زەردەشتی گەری و مانەویەت..

هەبوونی پەیرەوکاری هەرسێ ئایینی یەکتاپەرستی (جولەکە, مەسیحی, ئیسلام)

هەبوونی رێبازە ئاینیە جیاوازەکان ( سوننە, شیعە),

مەسیحیی (نێستۆریان-نەستوری, یاقووبیە کان, ئاشوری و ئەرمەنییەکان )

هەبوونی بیروباوەڕی ئاینی تایبەتمەند وەك (ئێزیدی، شەبەك، کاکەیی، مەندیی...).

## بنەچەی کورد لەڕووی ئایینیەوە لەدیدی مێژوونوسانی ئیسلامی بخەڕوو؟

- لەو چیرۆکانەی زۆربەی مێژوونوسە موسڵمانەکان پشتیان پێی بەستووە بۆ دیاریکردنی ڕەچەلەکی نەتەوە جیاوازەکان لەناویشیاندا نەتەوەی کورد، بەستنەوەی مرۆڤایەتیە بەیەکێک لەکوڕەکانی نوح (حام و سام یافث – یافد)، لەسەر ئەو بنەمایەی چیرۆکی تۆفانی نوح و لەزۆربەی کتێبە ئاسمانیەکان باسکرایە، بەتایبەتی تەورات لەبارەی ئەو سێ کوڕە. لەقورئانی پیرۆزیشدا لەچەند شوێنێکدا باسی تۆفانی نوح کراوە.

١. ئیبن کەسیر (١٣٧٣ز/٧٧٣ک) البداية والنهاية، ج١.

- فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دێنێتەوە لەسەر زاری ئیبن هورەیرەو دەڵێت نوح سێ کوڕی بەناوی سام و یافد و حام، هەریەک لەوانە ٣ کوڕیان هەبووە، سام عەرەب وفارس و ڕۆم، یافدیش تورک و سەقالبەو یەئجوج و مەئجوج، حامیش قیبتی و سودان و بەربەر (ئەمازیخ).
- لێرە بەدەر دەکەوێت کەباسی فارس دەکات واتە نەتەوە ئێرانیەکان بەگشتی گەڕاندۆتەوە بۆ سام.

## هەندێک ئاکامە رۆشنبیریەکانی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکان چی بوو؟ بیانژمێرە.

١. گەشەکردنی زمانی عەرەبی: لە سایەی فتوحاتی ئیسلامی و دەسەلاتی ئایینیدا لەخانەی ئیسلامدا، کەزمانی عەرەبی وەکو زمانێکی جیهانی لیهات و بواری بۆ رەخسا بەرفراوان بێت

- ابن خلدون دەڵێت: نەتەوەکان لەهەمو شوێنێك وازیان لە زمانی خۆیان هێناو زمانی عەرەبی بوو بەزمانی فەرمی.

٢. چەسپاندنی زمانی عەرەبی وەك زمانێکی هاوبەشی رۆشنبیری ئیسلامی، زمانی بیروباوەڕو شەریعەتی پیرۆز لە سایەی دەسەڵاتی کارگێری‌وئایینی خانەی ئیسلام کە عەرب بەرێوەی دەبرد زۆر وشەی نوی لە خۆگرتو بوە زمانی هزرو زانینە جۆراوجۆرەکان.

٣.نوسەرانی عەرەب کەوتنە هەوڵو کۆشش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی (زمان و ڕەگەز و داب و نەریت و مێژوو و کەلتوری) ئەو گەلانەی کە ببونە بەشێك لە ئۆمەتی (دەولەتی ئیسلامی)؟ چونکە پێویستیان بەوە بوو ئەو نەتەوانە بناسن، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر بیان ناسن و لەچوارچێوەی دەوڵەتەکەیاندا بیان گونجێنن و بەئاسانی سەرکردایەتیان بکەن.

## باسی ڕەچەڵەکی کورد بکە لەسەرچاوە فارسییەکاندا

بنەچەو ڕەچەڵەکی کورد یەکێك لەو بابەتانە بووە کە سەرنجی کەلتوری فارسی ڕاکێشاوە، فارسەکان لە بەهۆی نزیکی و تەنانەت تێکەڵیان لەگەڵ کورد دا، هەوڵیانداوە بزانن ئەو میللەتە کێیە ؟چییە ؟ خاوەن چ سروشتێکی کۆمەڵایەتیە ؟ بەر لەوەی باس لەو گێرانەوانە بکەین کە مێژوو نووسە فارسەکان لەبارەی کوردەوە باسیان کردووە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەن کە هەندێك لە عەرەبەکان لە سەرەتای ناسینیان بۆ کورد، کوردیان بە بەشێك لەنەتەوەی فارس داناوەو پێیان وابووە کوردەکان بەشی کۆچەریی فارسەکانن.

**تێڕوانینی فارس بۆ کورد:-**

**فارسەکان لە چوار چێوەی کەلتوری ئیسلامی دا بە دوای  دەرخستنی ڕەگەزی خۆیان و میللەتانی تر بووینە بۆیەش درەختی ڕەچەڵەکیان دروست کردوە بۆ خۆیان و میللەتانی تریش هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ڕەچەلەکێکی ئەفسانەییان بۆ کورد داڕشتووە.**

**لەم بارەیەوە کوردناسی ڕوسی (سافراستیان) دەلێت ” هیچ نەتەوەیەك هێندەی میلەتی  کورد نەکەوتۆتە بەر پەلامار و شێواندن و بۆچوونی هەڵە لەمێژوودا.**